# دووکەرت بوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری .. درێژەی کام ڕەوەند ؟!

گۆران عەلی
goranmad@hotmail.com

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و کۆمۆنیزمی کرێکاری بووبە دوو کەرتەوە ، هاوکات ئەوانەی نوکی قەڵەمەکانیان و دەروازەی سایتەکانیان خستە گەڕ بۆ نوسین و قسە کردن لەسەر ئەم ڕووداوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوون بە دووکەرتەوە ، کەرتێکیان بەشادیەوە پێشوازییان لەم ڕووداوە کردو بروسکەی پیرۆزبای و شادییان بلاْوکردەوە ، بەشەکەی تریشیان بەنیگەرانیەوە ( بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی ئەندام و لایەنگری کۆمۆنیزمی کرێکارین یان موخالفین ) .

من لەبەشەکەی دووەم دا خۆم دەبینمەوە ، سەرەڕای موخالەفەتم بە گشت جیهانبینی و تێڕوانینی فیکری و سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاری ، بەلاْم بەنیگەرانیەوە دەڕوانمە ئەم چەند هەزار کەرتبوونەی چەپ و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ، بەتایبەتی لەم دەورانەدا کە بۆرژوازی جیهانی لەهەموو کاتێك زیاتر یەکپارچەو یەك سەنگەرە بۆ هێرش کردنەسەر کرێکار و کۆمۆنیزم لەڕووی فکری و سیاسی و ئابوورییەوە .

لەبەرامبەر ئەم هێرشە جیهانیەی بۆرژوازیدا ڕووبەڕووبوونەوە بەهێزێکی لۆکاڵی و لەوە خراپتر ( هەزار پارچە بوودا ) مەحاڵە ، بەماتریاڵی هێزێکی لۆکاڵی پێش بەلافاوی هێرشێکی جیهانی ناگیرێت ، بۆیە ئەبوو لەبەرامبەر ئەم هێرشە هەمەلایەنە و ئەنتەرناسیۆناڵیستیەی بۆرژوازی جیهانیدا ، بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی ئەنتەرناسیۆناڵیستی بهاتبایە مەیدان ، ئەگەرچی من دەمێکە ئەو چاوەڕوانیەم نەماوە لە ك ك کە دەواری ئەو هێز هەڵخراندنە بێت ، چونکە پێوەری کۆمۆنیست بوون لای ئەم ڕەوتە بووە بە بڕواهێنان بەپایەکان و باسەکان و تێڕوانینەکانی ك ك و منصوری حیکمەت و ووتنەوەی ئەو دەستەواژە سیاسییانە ، نەك هەڵسەنگاندنی تاکی کۆمۆنیست لە میانەی کارو خەبات و ناڕەزایەتی دەربڕین دژی سەرمایەداری و بنەماکانی ، دیارە ئەمەیان باسێکی دووروو درێژەو لەم ووتارە کورتەدا جێگەی نابێتەوە و مەبەستی سەرکی منیش نیە کە بەدوایدا بڕۆم لەم کاتەدا .

ئەوەی من مەبەستمە دوو مەسەلەی سەرەکییە ، یەکەمیان شێوازی بەرخوردی هەردوو کەرتەکە بەیەکتری و لێکدانەوەی بەرواری جیاوازیەکانیان .

دووەمیان : هۆیەکانی ئەم دوو کەرت بوونەیە .

هەر بەدووای دەرچوونی ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران- حیکمەتیست ، ئیتر هەردوولا درێغیان نەکرد لەدابەشکردنی پێناسەکانی ( باڵی ڕاست ، چەپی فکری و غەیرە کرێکاری ، غەیرە ئصولی و غەیرە شەرعی ، چەپی حاشیەی و منحەرف و .........هتد ) بەسەریەکترا بەجۆرێك کە هاوڕێ و هاوسەنگەری دوێنێ ك ك زۆر ناسای ئەمڕۆ بە ( ڕاستڕەو ) پێناسە بکەن .

بەبڕوای من ئەم هەڵسەنگاندەی هەردوولا بۆ یەکتری ئەوەندەی لە موختەبەراتی سیاسی و مێژووی 80 ساڵی ڕابردووەوە دەرهێنرابوو ئەوەندە لەدونیای واقعی و ململانێ سیاسی و چینایەتیەکانەوە دەرنەهێنرابوون ، مەقولە لەپێشا ئامادەکراوەکانی ( چەپی سونەتی ، ناڕادیکاڵ ،باڵی ڕاست ، چەپی لاکەوتە ، مونحەریف و هەڵگەڕاوە لەکۆمۆنیزم ، دوو حیزب هەبن یەکێکیان کۆمۆنیست نین ، )کە هەردوولا دیبڕنە باڵای یەکتری ، پێشتر کە موختەبەری سیاسی بەلشەفیزم داو دەورانی دوای ئەویش تاقی کرابووەوە و ڕێك ئەمانیش ئەم ئەلقابە لەپێشا داتاشراوەیان لەمێژوودا دەرئەهێنن بۆ پێناسەکردنی یەکتری .

( ڕەوتی ك ، ك ) نەك هەر ئەلقاب و پێناسە سیایەکانی لەموختەبەراتی سیاسیدا دەرئەهێنێ بەڵکو تەنانەت میکانیزمەکانی هەڵسوڕان و هێزگرتنیشی لەمێژووی سیاسیدا لەموختەراتی سیاسی 80 ساڵی ڕابردوودا دەرئەهێنێ ، مەعلومیشە نەمیکانیزمەکان و نە قوتبەندی یە سیاسی و فکرییەکانی80 ساڵی ڕابردوو ناتوانن کە دونیای ئەمڕۆدا کارساز واقیعی بن .

**هۆیەکانی دووکەرت بوون .**

هەردوو دەستە تەفسیری جۆراوجۆریان کردووە بۆ هۆیەکانی ئەم دووکەرتبوونە و مێژووەکەی ، بەبڕوای من مێژووی ئەم دووکەرتبوونە هاوکات نیە لەگەڵ مێژووی ڕاگەیاندن و دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران – حیکمەتیست ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێك کە مەنصوری حیکمەت خۆی لەژیاندا بوو دیسانەوە بەهەمان شێوە هۆیەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سەردەم ، بەدیاریکراویش بۆ دوای دەرچوونی باسەکانی ( حیزب و دەسەتەڵات ، حیزب و کۆمەڵگا ) .

ئەم کەرتبوون و جیابوونەوانە هەڵقەی زنجیرەیەکە کە لەو پلاتفۆرم و ستراتیژە سیاسییانەوە دەست پێئەکان ، وەئەکرێت ئەم ڕەوەندە بەڕەوەندی ئاڵ و گۆڕپێکردنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ( میکانیزم و ماتریاڵی خەباتەوە ، لەململانێی چینایەتیدا بۆ ستراتیژ ) پێناسە بکەین ، ستراتیژێك کە چینی کرێکارو کوللی کۆمەڵگا دەخاتە خزمەتی خۆیەوە وەلەپێناو بەهێزبوون و نفوز پەیدا کردنی خۆیدا .

دیارە سادەترین پێناسە بۆ حیزب ( هەرحیزبێك ) چەك و میکانیزمی خەباتکارانەی بزووتنەوەیەکی کۆمەلأیەتییە و ڕەوتی ك - ك بڕوا ناکەم بە تۆزقاڵێك کەمتر لەم پێناسە ڕازیبێت بۆ حیزبەکانی و بەم پێیەش حیزب ، ماتریاڵەکانی ، کادرەکانی ، ڕاگەیاندنەکەی ، لیدەرەکانی ، قەڵەم بەدەستەکانی ، ...........هتد ) دەبێتە یان قەرارە ببێتە چەکی خەباتی چینایەتی کرێکار لەدژی سەرمایەداری ، بەلأم لەدوای باسەکانی ( حیزب و دەستەلأت و حیزب و کۆمەڵگا ) ، حیزب دەبێتە ئەصڵ و کرێکاری خەباتی چینایەتی دەبێتە پاشکۆ ، لەبری ئەوەی حیزب لەڕێگای دەخاڵەت و دەوربینین و ڕابەڕایەتی چینی کرێکارەوە لەململانێی چینایەتیدا ، هێز بگرێت ، کرێکار و خەباتی چینایەتی دەسپێرێت بە ئایندە ، ئایندەیەك کەتێیدا حیزب نفوزپەیدا دەکات و قەهێز دەبێت و دەگاتە دەستەلأت و دواتر ئاوڕ دەداتەوە لەکرێکار و خەباتی چینایەتی .

لەجیاتی ئەوەی حیزب و کادرو ڕاگەیاندن و لیدەر ماتریاڵ و چەکی خەباتی چینایەتی بن و ( هەر کاتێکیش ئەوچەکە لەتەقەکردن کەوت ببێتە تەختەدارێك و فڕێبدرێتە نزیکترین پەراوێزەوە ! ) پێچەوانەکەی ڕوودەدات و لەوێشەوە ڕۆژنامەو ڕاگەیاندن لەبری ئەوەی ببێتە ئاوێنەی بالأنۆیی خەبات و نارەزایەتی کرێکارو چۆنێتی ڕابەرایەتیەکردنی ، دەبێتە ئاوێنەو ئەلبومی وێنەی کادرەکان و کەسایەتیەکانی حیزب ، تا لەڕێگەی مەقالە وینە لیکێندراوەکانەوە ئەم کەسایەتیانە بەکۆمەڵگا و بزووتنەوەکە بناسێنێ نەك لەڕێگەی ڕابەرایەتی مەیدانی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری کرێکارەوە و بەم پێیەش ستراتیژی ئەصڵی دەبێـە حیزب و هەموو شتێك دەبیتە قوربانی لەپێناو حیزبدا .

ئەمە سەرەتای دووکەرت بوون بوو ، زنجیرەی دووکەرت بوون لەم حەلقەیەوە دەستی پێکرد ، دووکەرتبوونی <u>حیزب و چین</u> ، ئەگەرچی ئەم دووکەرتبوونە بنەما مێژوویەکانی دەگەڕێتەوە بۆ 70 ساڵ لەمەوبەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ، بەلأم بڕیار وابوو ك – ك ڕەوتێکی خاوەن ئاسۆیەکی سیاسی و ڕۆشن بێت و ئەم لەحیمە بکاتەوە و کۆمۆنیزم بداتەوە بە کرێکار و حیزب و چین نەك هەر لێکی گرێبداتەوە بەڵکو حیزب بخاتە خزمەتی چینەوە ، بەلأم واقیعیەتە سیاسیەکان و پلاتفۆرمە سیاسیەکان و شێوازی پراکتیزەکردنیان پێچەوانەکەیان سەلماند .

لەم ڕەوەندەدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران – حیکمەتیست قەڵەمبازێکی زیاتریداو ستراتیژی ( هەموو شتێك لەپێناوی حیزبدا ) دەگۆڕێ بۆ ( هەموو شتێك لەپێناوی مەنصوری حیکمەت ) داو بۆ بەرگری کردن و پاراستنی ڕادەی دڵسۆزی و وەفاداری بۆ ( مەنصوری حیکمەت و حیزبەکەی و قسەوباسەکانی و سیناریۆی ڕەش و سپی و ئصوڵی سازماندەی و ..........هتد ) ناوی حیکمەتیست دەکات بە پاشکۆی حیزبی تازە .

لەڕاستیدا ناوی حككا – حیکمەتیست ئەوەندەی ناوێکە بۆ پابەند بوونی ئەخلاقی بە ( مەنصوری حیکمەت ) ئەوەندە ناوی حیزبێکی ساسی جدی نیە ، چ پێشبینی و پێناسەیەك لەناوی ( حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕووسیا – لینینست یان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەڵمانیا – ئەنگلسیست ) بکرێت هەمان پێشبینی و پێناسە لەناو حككا- حکمەتیست دەکرێت .

هۆیەکانی جیابوونەوەی حیزبی تازە لەحیزبی دایك لەسەر ڕادەی دڵسۆز بوون و وەفاداربوون بە شەخصی مەنصور حیکمەتە نەك ڕادەی هەڵسوڕان و دەوربینین و ڕابەرایەتیکردنی خەباتی چینایەتی کرێکارە هەربۆیە ستراتیژی ( بەرگری لەحیزب و بەهێزڕاگرتنی حیزب ، جێگەی خۆی دەدات بە دیفاع لەمەرجەع و بەهێزڕاگرتن وەفاداری بۆ مەرجەع ) .

<u>جیاوازیەکان و چەند سەرنجێکی کورت :</u>

سەرەڕای ئەلقابە پەخشکراوەکان و پێناسەکردنە جیاوازەکانی هەردوولا بۆ یەکتری لەمرۆدا ، خوێنەری ووریا دەتوانێت لەسبەینێیەکی زۆر نزیکدا بەڕۆشنی دەرك بەوەبکات کە نەك هەر تیروانین و ئەحکام و هەلسەنگاندنەکانی هەردوو حیزبی لەیەك جیابووەووە چوونیەکن بەڵکو تەنانەت میکانیزمەکانی هێزگرتنیشیان هەمان میکانیزمە کەوەك لەسەرەتاوە ووتم لەموختەبەراتە سیاسیەکانی 80 ساڵی ڕابردوودا دەرهێنراون ( میکانیزمەکانی ئەبێ و نابێ ) . 86 ساڵ بەر لەئێستا لینین بە شیعاری ( ئەبێ هەموو دەسەڵاتێك بۆ شورا کرێکاریەکان بێت ) توانی لەلایەکەوە هێزبگرێت و لەلایەکی تریشەوە دەستەڵات بداتە دەست چینی کرێکار چونکە جێگاو ڕێگاو ئامادەیی چینی کرێکار لەڕووی خەباتکارانەوە لەشوێنێکدا بوو بە ( ئەبێ !!! ) بگاتە دەستەڵات بەڵام ئەمرۆ وەك ڕەوەندی پاشەکشەی چینی کرێکارو جێگەو ڕێگەی خەباتکارانەیدا ( ئەبێ و نابێ ) نامۆن بەکرێکار ئەگەر نەڵێم بەشێکن لە خەیاڵ ( ئەبێ دەستبەجی ئەمریکا بڕواتە دەرەوە .......ئەبێ دەستی ناسیۆنالیزم کۆتا بکرێت ... ئەبێ دین لەدەوڵەت جیا بێ ..... نابێت ڕێگە بدەین تیرۆر دەستی زاڵ بێت . ئەبێت هەموو دەستەڵاتێك بۆ شوراکان بێت ..........هتد ) بەبێ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگاکانی ( ئەبێ و نابێ ) بەمەنزڵی واقیعی خۆیان .

ئەوەی مەبەسم بوو سەرنجی بخەمە سەر ئەوەیە کەسەرەڕای کۆششی هەردوو لایان بۆ گەورەکردنەوەی قەوارەی جیاوازیەکانیان لەگەڵ یەکتری دا بەلام دووری نێوان تێروانین و بیرکردنەوە و ستراتیژەکانیان هێندەی قەڵەمی دەستی یەکێك لەدوو لیدەرەکە درێژتر نیە ، دەتوانم بەدڵنیایەوە بڵێم کە پلاتفۆرمی سیاسی و بەیاننامەی ئەملا ، ئیمزا و ناوەکەی لێبکەرەوە بۆ ئەو لاکەی تریان دەست ئەدات ، بۆیە بەپێویستی دەزانم کە بڵێم ، میکانیزمەکانی دوێنێ و پەیوەندیەکانی دوێنێ ناتوانن لەمرۆدا ببنە میکانیزم و پۆلبەندی کارساز و واقیعی .

ئەگەر ئامادەی چینی کرێکارو مەوقیعەتی چینایەتی و هێرشبەرانەی 70 – 80 ساڵی ڕابردوو لەجێگایەکدا بوو کە پۆلبەندی فکری و خەباتکارانە لەسەر ئاستی تەریب بوون دەکرا ، دەکرێت ئەمرۆ مەوقیعەتی هێرشبەرانەی بۆرژوازی جیهانی و پاشەکشێکانی چەپ و کرێکار لەبەر چاو بگیرێ و ئەم پۆلبەندیە لەسەر ئاستی وەستانەوە بەڕووی هێرشی بەربەریانەی بۆرژوازی جیهانیدا بێت ، بەبڕوای من چارەنوسی چەپ و کرێکار لەبەرامبەر ئەم زەروورەتەدایە .